# هەژدەساڵ بەووتار باساڵێکیش بەکردار لە خزمەتی هەڵەبجە دابین

پارێزەر رفعت هەڵەبجەیی/ سوید

هەژدەساڵ تێپەڕی سرودو گۆرانی نەما نەیچڕین بە باڵای هەڵەبجەدا هەژدەساڵ تێپەری وەفد نەما لە دونیادا تاجە گوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدەکانی عەنەب و هەزارگەی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجەدا دانەنێ. هەژدەساڵ تێپەری سەرکردە نەما لە شۆڕشی کورددا بەڵێنی گەورەی بێ کردار نەدات بەخەڵکی هەبجە.

هەژدەساڵ تێپەری بەرپرسێکی هەڵەبجەیی نەما لەسەر ئێسک پروسکی شەهیدەکان و مناڵە هەتیوەکانی هەڵەبجەیی شەهید نەبێت بەملێونێر هەژدەساڵ تێپەری و بەرپرسێکی هەڵەبجەیی ئەوەی لە ناخی دەسەڵاتی کوردیدا بوو بە هەڵەیەکی زمان دەری بڕی و ووتی ئەگەر هەڵەبجە ئاوەدان بکەینەوە ئەی چۆن سۆزی ووڵاتان ڕابکێشین و چۆن کۆمەک و یارمەتیمان بدەنێ. دەبێت هەڵەبجە بهێڵینەوە هەتا بەسواڵی هەڵەبجە هەموو کوردستان ئاوەدان بکەینەوە دواتریش هەڵەبجە خۆی.

هەژدەساڵ تێپەری گوێمان کەڕ بوو بە ووشەی بەڵێن و درۆ زڵ و زەقەکانی ئیدارە کوردیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەلاوە ڕوخاوەکانی هەڵەبجە و لادێ سووتاوەکانی هەورامان و شارەزوور.

هەژدەساڵ تێپەری لایەنی کوردی نەما دەست درێژی نەکات لە بەهاو پیرۆزیەکانی شاری هەڵەبجە.

هەژدەساڵ تێپەری و بریندار‌ی چەکی کیمیاوی نەما لەم شارەدا تا دوایین هەناسەو لەسەر جێگای سەرەمەرگیدا چاوی نەگێڕێ بۆ ئەو پزیشکەی کە بەتەما بوو بێت چارەسەری بکات.

هەژدەساڵ تێپەڕی و مناڵی بێ سەربەست و هەتیو نەما لەگەڵ هەمو ساڵ یادێکدا بەوتارێکی  ناو سنۆبەرە سوتاوەکانی باغی گشتی ئاوات و هیواکانی زیندە بەچاڵ کرێت.

هەژدەساڵ تێپەڕی و هێشتا خەڵکی هەڵەبجە چاوەڕێ ی ئەوەن کە تەنیا ڕۆژێک ئاخ بۆ بڕانی ئاوو کارەبا هەڵ نەکێشن.

هەژدەساڵ تێپەڕی و  هێشتا _ هێشتا _ هێشتا_ هێشتا _  هێشتا لەسیستەمە دیموکراتیەکانی ئەوروپادا بەرلەمان و کاربەدەستان ڕۆژێک کۆدەبنەوەو بڕیار دەدەن و چوارساڵ کار دەکەن و خزمەتی میللەتەکەیان دەکەن کەچی دەسەڵات و ئیدارەکانی ئێمەی کورد لە چوار ساڵدا چوارسەد کۆبونەوە دەکەن و تەنیا بڕیارێک جێ بەجێ ناکەن.

ئەگەر لەمەوبەر سەرانی کوردو ئیدارەکانیم بە دکتاتۆرو ستەمکار ناوزەد کردبێت بەرامبەر بە مافەکانی گەل و جەماوەر.

لەمەودوا جەماوەرو کۆمەڵگای کوردی بە گێڵ و چەواشەو قەواڵوو دەروێش و مێگەڵ ناو ئەهێنم.

چونکە ئەوە تەنها جەماوەرە بڕیار لەسەر دەسەڵات ئەدات کە دکتاتۆر بێت یاخود دیموکرات خوازوو میللەت پەروەر، نازانم چی ڕێگرە لەوەی جەماوەر ی کورد ئەو هەموو ئازارو ئەندێشانە قەبوڵ بکات. بۆچی ئەو خەڵکە ستەمدیدەیە بەو هەموو گەندەڵیە سیاسی و ئابووری ئیداریە قایلە و گوێ ڕایەلێ کوێرانەی دەسەڵات دەکات. هیوادارم لە هەژدەساڵیادی کیمیابارنی هەڵەبجە وەرجەرخانێک ڕووبدات لەیادکردنەوەی هەڵەبجەدا لەجیاتی ووتاروو بەڵێنی وشک و ووشەی بریقەدار بە کردار خزمەتی شاری

**هەڵەبجە بکەین...**